United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs

Coordination Saves Lives

# عێراق. لافاو

## هەواڵی تازە ژمارە. ٢

## ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆییەوە بەرهەمهێندراوە بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ولەگەڵ زانیاری لەلایەن دامەزراوە فەرمیەکان. ئەم ڕاپۆرتە ماوەی ٢٥ تا ٢٧ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ دەگرێتە خۆی. هەواڵی تازەی تر لەوانەیە دەربچێت ئەگەر داوابکرێت.

### ١. هەواڵە سەرەکیەکان

- بارانی بەخوڕ لە ڕۆژەکانی ٢٢ تا ٢٣ی تشرینی دووەم بووە هۆی لافاوی سەخت لە سەرانسەری عێراق، کە بووە هۆی ئاوارەبوونی هەزاران کەس.
- خەملاندنێکی ١٠,٠٠٠ کەس لە سەلاحەددین و ٢٢,٠٠٠ کەس لە نەینەوا پێویستیان بە هاوکاریە، لەوانە بە هەزاران خێزان کە لە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان ژیان دەگوزەرێنن.
- خێوەتگەکانی بنکەی ئاسمانی گەیارە و جەدعە بۆ ئاوارەکان لە نەینەوا، و شارۆچکەی شەرگات و لادێیەکانی خالیدیە و هوریە لە سەڵاحەددین، لە نێوان ئەو شوێنانەن کە زۆر بە سەختی زیانیان پێگەیشتووە.

## ٢. تێڕوانینێك بۆ بارودۆخەکە



لافاو لە جەدعە؛ سەرچاوە: لەلایەن نوێنەری خۆبەخشی نەینەوا بۆ ئاوارەکان

باران بارینی بەخوڕ لە ڕۆژەکانی ٢٢ – ٢٣ی تشرینی دووەم بووە هۆی لافاو لە سەرانسەری عێراق، کە ئەمەش بووە هۆی ئاوارەبوونی هەزاران کەس و چەندین قوربانی و برینداری لێکەوتەوە. نەینەوا و سەڵاحەددین لە پارێزگایانەن کە زۆر بە سەختی زیانیان بەرکەوتووە، لەگەڵ پردەکان و شەقامەکان و لادێیەکان دووچاری داخران بوون؛ هەروەها زیانەکە لە بەشی باشوری وولاتیش تۆمارکرابوو.

خەملاندنێکی ١٠,٠٠٠ کەس لە سەڵاحەددین و ٢٢,٠٠٠ کەس لە نەینەوا پێویستیان بە هاوکاریە، لەوانە بە هەزاران خێزان کە لە ناو خێوەتگەکانی ئاوارەکان ژیان دەگوزەرێنن. هەڵسەنگاندنەکان لەلایەن هاوکارانی مرۆییەوە لە نەینەوا پێویستیە بەپەلەکانیان دەستنیشان کردووە لەوانە گۆڕینی ڕەشماڵ، دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و پاك و خاوێنی و خاوێنکردنەوە، و کارەکانی لابردنی ئاوی لافاو لە خێوەتگەکانی بنکەی ئاسمانی گەیارە و جەدعە ١ هەتا ٦، خێوەتگەکانی سەلامیە ١ و ٢، حەمام عەلیل ٢ و خێوەتگەی نەمروود. پارچەکانی خۆراك و پێداویستیەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان ئەوانیش داواکراون لەو کاتەی کە ئەم خەڵکە لە ئاوارەییدا دەمێننەوە دوور لە ماڵەکانیان.



خێزانە ئاوارەکان لە شەرگات؛ سەرچاوە: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان

لە سەڵاحەددین، هەڵسەنگاندنەکانی پێویستی بەپەلە دەستنیشانی ئەوەیان کردووە کە پێویستی بەپەلە هەن بۆ خۆراك، فەرشەکان، بەتانیەکان، هیتەرەکان، هاوکاری پزیشکی و پارەی کاش. نیگەرانیەکان هەن لە بارەی تەقەمەنیە نەتەقیوەکان لەو لادێیانەی کە زیانیان پێگەیشتووە، کە لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر بەهاناوەچوونی مرۆیی. پێویستیەکان لە سەڵاحەددین بە شێوەیەکی سەرەتایی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی دابین کراون، و هاوکارانی ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و مانگی سوری عێراقی. کاروانێکی هەڵسەنگاندن بۆ قەزای ئەلقورنە لە بەسرە دەستنیشانی قوربانیە زۆر سنوردارەکان و زیانەکانی کردووە بەهۆی بارانە بەخوڕەکانەوە.

## ٣. پێویستیە مرۆییەکان و بەهاناوەچوون

نەینەوا

- ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی: لافاو لە زێرابەکان و خاوێنکەرەوەکان سەری هەڵدا لە تەواوی خێوەتگەکانی جەدعە و بنکەی ئاسمانی گەیارە، کە ئەمەش تەواوی دانیشتوانانی ئەوێ دەخاتە مەترسی لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشی. شەقامەکانی گەیشتن بە جەدعە ٤ و ٥ و ٦ و بنکەی ئاسمانی گەیارە زیانیان پێگەیشتووە، ئەمەش بە مانای ئەوەی کە تانکەرەکانی ئاو ناتوانن تێپەڕن لێیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆڕیەکان زیانیان پێگەیشتووە و لافاویان تێچووە، بەتایبەتی لە جەدعە ٣ و ٥. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کاردەکات بۆ چاککردنەوەی ڕێگاکان؛ هاوکارانی بەڕێوەبردنی خێوەتگە و ئاووخاوێنکردنەوە و پاك وخاوێنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەیان دەست پێکردووە لە ناو خێوەتگەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی ئاوارەکان کە دابین کردنی ئاو لەوانەیە بۆ چەند ڕۆژێك دوابکەوێت و هانیان بدەن لەسەر پاراستنی ئاو. میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە گەیێندراوە بە دوو هێندەی بڕی ئاو بۆ پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەك کە هەبێت. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلەی ناردووە بۆ ٢,٧٠٠ خێزان لە خێوەتگەکانی جەدعە و بنکەی ئاسمانی گەیارە یان لە ڕێگەی هاوکاری ڕێکخراوی ناحکومی لە WEO، و دابەشکردنەکان دەستیان پێکردووە.
- کەل و پەلی ناخۆراکی: کەل و پەلە ناخۆراکیەکان بریتین لە کەل و پەل کە لە دەقە مرۆییەکان بەکاردەهێندرێن کاتێك هاوکاری دابین دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە بەهۆی کارەساتە سروشتیەکانەوە یان قەیران. پێداویستیەکانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لەوانە کەل و پەلی زۆر پێویستی ناوماڵ لەوانە فەرشەکان، بەتانیەکان، پارچە پلاستیکیەکان، دەفرەکان بۆ ئاو، ئامێری چێشتلێنان و پێداویستیەکانی پاك و خاوێنی. کەل و پەلەکانی تر دەتواندرێت زیاد بکرێن بۆ پێداویستیەکان لەوانە، هیتەرەکان، پێڵاوی پۆتین، نایلۆنی خەوتن و جل و بەرگی زستانە) ٣١٠٠ پێداویستی کەل و پەلی ناخۆراکی (لەوانە پێداویستیەکانی پاك و خاوێنی) لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ دابەشکرابوون؛ ١١٥ پێداویستی کەل و پەلی ناخۆراکی لەلایەن ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران و ١٤,١٠٠ بەتانی لەلایەن کۆمەڵەی خاچی سوری نێودەوڵەتی دابەشکرابوون.
- میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە: هەر پێداویستیەکی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە دانراوە بۆ هاوکاری کردنی خێزانێکی حەوت کەسی بۆ ماوەی یەك هەفتە، و پێك دێت لە پارچەکانی خۆراکی بەهاناوەچوونی بەپەلە، پێداویستیەکی ئافرەتان، ئاوی هەڵگیراو و دەفرێکی ئاو. ٣١٠٠ پێداویستی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە لەلایەن هاوکارێکی ڕێکخراوی ناحکومی دابەشکراون، لەلایەن ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان بە ناوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان و ڕێکخراوی پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان.
- خۆراك: ٧٢٥٠ سەلەی خۆراك لەلایەن ڕێکخراوی پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی دابەشکراوە ( بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ)؛ ١١٠٠ سەلەی خۆراك لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران.
- تەندروستی: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و هاوکاران ئامادەن بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی سەرەتایی پێویست.

سەڵاحەددین

- ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك وخاوێنی: زۆربەی زیانەکان کە بینراون لە شەرگات پەیوەندی هەیە بەو ڕاستیەی کە بۆڕیەکانی زێراب و تونێلەکان گیراون، پڕکراونەتەوە لە جیاتی چاککردنەوەیان یان دووبارە بنیاتنانەوەیان. چاککردنەوەی ژێرخانی ئاو پلانی بۆ دانراوە لەلایەن تیری دێس هۆمیس؛ تانکەری ئاو لەلایەن ڕێکخراوی مێرسی هاندس پلانی بۆ دانراوە.
- پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان: بەتانیەکان و فەرشەکان لەلایەن کۆمەڵگا و شێخەکانی ناوخۆ دابەشکراون؛ ١٢٥ پێداویستی ئافرەتان لەلایەن کۆمەڵەی یەکگرتووی پزیشکانی عێراق؛ ٦٨٦ پێداویستیەکانی کەل و پەلەکانی ناخۆراکی لەلایەن ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران دابینکراون؛ ١١٠٠ پێداویستی وەرزی زستان دابەشکراون لەلایەن ڕێکخراوی مێرسی هاندس/ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران و ڕێکخراوی عێراقی بۆ پاراستنی منداڵان.

- میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە: ٤٠٠ پێداویستی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە لەلایەن کۆمەڵەی یەکگرتووی پزیشکانی عێراق دابەشکراون؛ ٤٠٠ پێداویستی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە لەلایەن RIRP بە ناوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان و ڕێکخراوی پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان دابەشکراون.
- خۆراك: ١٥٠٠ سەلەی خۆراك لەلایەن نووسینگەی پارێزگار دابین کراون؛ ٤٠٠ سەلەی خۆراك لەلایەن مانگی سوری عێراقی دابین کراون؛ ١٢٥ سەلەی خۆراك لەلایەن ڕێکخراوی پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی دابین کراون.
- تەندروستی: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و هاوکاران ئامادەن بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی سەرەتایی پێویست.

## ٤. پەیوەندی کردن

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:
خاتوو. هیلاری ستۆفێر، بەرپرسی ڕاپۆرتکردن و پەیوەندیەکان لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە: staufferh@un.org